# لەچاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ "ئاڵای ئازادی" عەبدوڵڵای موهتەدی:

## *هەر حزب و لایەنێك، هەر پێشکەوتنخوازێك، نابێت بترسێت لەئاڵوگۆڕی ناوخۆیی لەکوردستاندا

## * بزووتنەوەی سیکولاریزم زۆر لاوازە لەدنیادا، دنیای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست رووی دیموکراسی بەخۆوە نابینێ ئەگەر نەبێتە کۆمەڵگایەکی سیکۆلار

چاوپێکەوتن: ئارام حسێن

**ئەو کوشتارگایانەی ململانێ سیاسیو ئابوورییەکان خولقاندیان، تائێستا درێژەیان هەیە، جیهانی لەبەردەم مەترسی چەکی ئەتۆمیو بایەلۆژیو سیاسەتی قڕکردنو برسیکردندا راگرتووە، وتووێژ لەسەر وەزعی سیاسی ئێستای جیهان، لەدوای (١١)ی سێپتێمبەرەوە، زیاد لەرەهەندێكو گۆڕانێکی بەخۆوە دیوە، مشتومڕ لەسەر پێشهاتەکانیشی لەهەموو کاتێك زیاتر پێویستە، لەگەڵ ئەوەشدا ناکرێت باس لەدەرهاویشتەو ئاڵۆزییەکانی ناوی نەکەین، واوەتر خۆرهەڵاتی ناوەڕاستو ئەو تەوژمە دینیو تایەفەگەریو داخراوەییە.. هتد، بووە هۆی ئەوەی، لەهەموو جێگایەك زیاتر، تراژیدیاگەلێك بۆ خەڵکەکەیو جیهانیش بخولقێنێ، بۆ قسەکردنو رۆشنکردنەوەی زیاتری ئەم بارودۆخە سیاسییە سەختەی ئامازەم پێدا، کەرۆژ بەرۆژ مرۆڤ لەهەموو بەهایەك دادەڕنێ، چاوپێکەوتنێکمان لەگەڵ رووناکبیر (عەبدوڵڵای موهتەدی) سازدا.**

**ئارام: پێم باشە سەرەتا وتووێژ لەسەر وەزعی سیاسی ئێستای جیهان بکەین، کەلەبەردەم دوو ئاستو دوو دنیای جیاوازدا رامانەگرێت، دنیای پێشو پاش١١ی سێپتێمبەر)، کەدنیای دوای (١١ی سێپتێمبەر) کەهێڵێکی راستی لەنێوان بەرەی تیرۆرو دژی تیرۆردا کێشاو، ئەو رووداوو گۆڕانکاریانەی لەجیهاندا بەگشتیو لەعەقڵی زلهێزێکی وەکو ئەمریکادا بەتایبەتی روویاندا باس بکەیت؟**

**عەبدوڵڵای موهتەدی:** (١١ی سێپتێمبەر) خۆی لوتکەی تەقینەوەی چەند گروپێکی گەورە بوو لەدنیادا، یەکیان ئەو کێشەیەیە کەناوی بە ململانێی شارستانێتییەکان ناسراوە لەدنیادا، شارستانی مەسیحی رۆژئاوایی، دووەمیان دنیای رۆژهەڵاتی ناوەڕاستو دنیای ئیسلامی بەگشتی لەلایەکیدیکەوە، هەموو ئەو ئاڵوگۆڕانەی کەلەدەیان ساڵی رابردوودا پێیدا تێپەڕبووە، بەرامبەرکێو پێکدادانێکی ئەو دووانە بوو لەلایەکی دیکە، (١١ی سێپتێمبەر) جارێکی دیکە کێشەیەکی لەمێژینەی لەناوخۆی وڵاتانی رۆژهەڵاتو رۆژئاوادا تەقاندەوە، ئەویش کێشەی ئەمریکایە لەلایەکەوە وەکو گەورەترین زلهێزی جیهان، لەلایەکی دیکە وڵاتانی ئەوروپاییو ژاپۆنو شوێنەکانی دیکە لەسەر باڵا دەستی دەسەڵاتدارێتی جیهانی، بۆ ئەوەی کێ دەسەڵاتی بەسەر سیاسەتو سەرچاوەکانی ئابووریو نەوتو کانگاکانو سەرچاوە ئابوورییەکان دەشکێ، هەروەها دەتوانین بڵێین ئەو کێشەیە سەرچاوەکەی لەناوخۆی ئەمریکاشدا هەبوو، تێڕوانینی جیاواز هەبوو بۆ ئەوەی چی بکەیت لەگەڵ دیاردەی توندڕەوی ئیسلامی، (١١ی سێپتێمبەر) ئەو مەسەلەیەشی گۆڕیو بردیە قۆناغێکی تازەوە، بەشێوەیەکی گشتی دەزگای رێبەریو ئیداری ئەمریکاو ستراجیستەکانی ئەمریکا، بەو قەناعەتە گەیشتن کەپێویستە مۆدیلی دەسەڵاتی سیاسی لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست بگۆڕن، هەتا ئەو مۆدیلە نەگۆڕن ئەوان ناتوانن بەرامبەرکێی چاك بکەن کاریگەربن لەگەڵ دیاردەی تیرۆرو توندڕەوی، بۆیە وا دەزانم ئەمەش یەکێك لەئاکامەکانو بوارەکانی جیهانی دوای (١١ی سێپتێمبەر)ە، ئەوەشمان لەبیر نەچێت دەیان ساڵ بوو ئەمریکا لەدوای جەنگی جیهانی دووەمەوە، تا ئێستا لەگەڵ حکومەتە دیکتاتۆرییەکان دەستی تێکەڵ بووە، گوێی نەداوە بەوەی کەمافی مرۆڤ لەو وڵاتانە چی لێدێت، دیموکراسی بەلاوە گرنگ نەبووە. ئەم مۆدیلە لەئەنجامی گۆڕانکارییەکانی دوای جەنگی دووەمی جیهانی، تا ئێستاو تا دەیەی هەشتاو نەوەد، وردە وردە ناتوانێ وەکو خۆی بمێنێتەوە، چونکە یەکەم گەشەکردنی سەرمایەداری لەم وڵاتانە کەچەند دەهەیەك لەئارادا بوو گۆڕانێکی لەو وڵاتانەدا پێکهێناوە، گۆڕانێك کەنەئەوەندە قوڵو بنەڕەتیو رەسەنە، کەبتوانێت ئەم وڵاتانە یەکسەر بەجارێك لەبازنەی دواکەوتوویی‌و لەبازنەی کۆمەڵگایەکی ترادسیۆناڵ بێنێتەدەرێ، ئەوەندە نییە، بەڵام شڵەژاندونی وساختارو کلتوری کۆنی ئەوانیشی لەهەمان کاتدا تێکداوە، ئەسڵەن حەرەکەتی توندڕەوی ئیسلامی یەکێك لەکاردانەوەکانی ئەم ئاڵوگۆڕەی چەند دەهەی پاش جەنگی دووەمی جیهانییە، بەڵام گەشەسەندنی سەرمایەداری رۆیشتوو لەئاستی جیهانیداو تەنانەت لەئاستی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا، گەیشتۆتە جێگەیەك کەئەو رژێمە سیاسییانە وەڵامدەرەوەی نین، هەندێك لەو رژێمانە لەرابوردوودا خۆیان هاوکاری ئەمریکابوون، بەڵام رەنگە ئەمڕۆ بوبێتنە کۆسپێك لەسەر رێگای گەشەکردنی ئابووریو سەرمایەداری، هەروەها کۆسپێکیش لەرێگای دروستکردنی ئەو مۆدێلە سیاسییە، کەبەباشترین شێوە گونجاوە لەگەڵ سەردەمی ئێستاو خزمەت دەکات بەو نیزامە ئابوورییە، بۆیە من وادەزانم کە ستراجیستەکانی ئەمریکاییو رەنگە زۆرێکی جیهانیش وردە وردە بیریان لەوە کردبێتەوە، وا دیارە کردوشیانەتەوە کەخۆیان نەبەستنەوە بەو مۆدێلەوەو بەفکری مۆدێلێکی تازە لەجیهاندا کار بکەن، ئەوەش یەکەمجار نییە کەگەشەکردنی سەرمایەداری رۆیشتوو بەمانا ئابوورییەکەی یا بەمانا سیاسییە جیهانییەکەی، دەگاتە رادەیەك لەگەڵ خۆی شێوازی حکومەتو دەسەڵاتو فەرهەنگو رۆشنبیریو هەموو ئەو شتانە لەگەڵ خۆی دەگۆڕێ، رەنگ بێت ئێستاش جارێکی دیکە لەبەردەم قۆناغێکی تازەی ئاڵوگۆڕێکی وەهادا وەستابێتین.

**ئارام: خۆر هەڵاتی ناوەڕاست، بەهەمیشەیی جێبەك بووە، پڕبووە لە پشێویو جەنگ، تا ئێستا لەتوندڕەویو تراژیدیا گەلێك زیاتر شتێکیتری لێ بەرهەم نەهات تا پێشکەشی جیهانی بکات، دوای جەنگی ساردو باڵا دەستی سیستمی تاك جەمسەری کەئەمریکا بەڕێوەی دەباو، هەیمەنەی بەسەر دنیاو خۆر هەڵاتی ناوەڕاستدا، دەروازەی لەبەردەم ئەو گۆڕانە سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتییانەدا کردۆتەوە، لەبەرامبەر ئەم کرانەوەو گۆڕانانەشدا کۆمەڵە دەسەڵاتێکی ئیستیبدادی خۆرهەڵاتی، دڵخۆش نین و رێگرن بەهەڵکردنی ئەو شەپۆلە گۆڕانکارییە، پرسیارەکە ئەوەیە بەڕای تۆ هاتنە ناوەوەی زلهێزێکی وەکو ئەمریکا و دانانی قاعیدەی تازە لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، تەنها خۆی لەو گۆڕانانەدا دەبینێتەوە کەلەسەرەوە ئاماژەم پێدا؟**

**عەبدوڵڵای موهتەدی:** لەگەڵتام لەدەیان ساڵی رابردوودا، رەنگە لەهەموو سەدەی بیستەم رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، سەرەنجام نەیتوانی خۆی لەبازنەی دواکەوتوویی‌و تایەفەگەریو کودەتاو پێشێلکردنی مافو ئازادییەکان، ئینسان لەو چوارچێوە کۆنو ئیستیبدادیانە بێنێتەدەر، دیارە زۆر هەوڵ درا زۆر بزووتنەوەی جەماوەری گەورەو رەسەنیش پێکهاتن، بەڵام تائێستا نەیانتوانیوە ئەو ئاڵوگۆڕە پێك بێنن، من وادەزانم هۆیەکی گەورەی بریتییە لەوەی کەلەژێر ناوی ناسیۆنالیزمی عەرەبیەوە دژایەتی لەگەڵ هۆکاری دەرەکی، جا ئەوە ئەمریکا بێت یان ئینگلیز یا هەر کەس بێت، رووناکبیری عەرەب ئەوەیان لەبیرچۆوە کەدەبێت بۆ دیموکراسیو ئازادی لەناو خۆی کۆمەڵگاکەیاندا هەوڵ بدەن دژایەتی ئەوان لەگەڵ هۆکاری دەرەوە، یان بڵێین لەگەڵ دوژمنی دەرەوە، جا ئەو دوژمنە راست بوو یان دەست کرد رێگەی نەدا بەئەوان یان نەیانتوانی بیر لەوە بکەنەوە کەدوژمنی ناوخۆیی ببینن، ئیستبدادو کۆنەپەرستی ناوخۆییان نەدی، چاویان لەوانە پۆشیو لێی غافڵ بوون لەژێر چەترێکی گشتی ناسیۆنالیزمێکی عەرەبی هەموو کۆبوونەوە، ئەوەی توانای شۆڕشگێڕانەبوو هەمووی سەرفی ئەوەکرا کە رووبکەنە دوژمنی دەرەوە، من وا دەزانم لەم رووداوەی ئەم دواییانەشدا هێرشی ئەمریکاو هاوپەیمانان بۆ سەر عیراقو روخاندنی سەدام، نمونەیەکی دیکەی ئەوانەمان بینی، تەنانەت ئێستاش هەر دیارە، نازانم رووناکبیری عەرەبو خەڵکی پێشکەوتووخوازی عەرەب ئەوەندە بەئاگاهاتوونەوە، یا ئێستاش لەو چوارچێوەداو لەو بازنەیەدا ماونەتەوە، بەڵام دەرباززبوونی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەشێکی گەورەی لەوەدا دەبینم کەئەوەندەی مەسەلەی دوژمنی دەرەوە فیکری خەریك نەکاو، بەڵکو زۆرتر خۆیان بەئاڵا هەڵگری ئاڵوگۆڕی دەروونیو ناوخۆیی (مەبەستم ناوخۆیی لەکۆمەڵگاکانی خۆیاندا) ببیننەوە، خۆیان بکەن بەئاڵا هەڵگری ئەوە لەژێر چەتری نیشتمانپەروەریدا ئەوان ئازادییان بیرچۆوە، بەبڕوای من دەبوو بەینی دوو تەوەرەی نیشتمان پەروەریو ئازادی، ئەوان بتوانن تەفلیقێکی چاك بکەن خالێکی بەرجەستەترو گەورەتری دەبوا ئازادیخوازی بوایە، ئەوان بەحسابی ئەم بەناو نیشتمان پەرستییەی خۆیان لەگەڵ موستەبیدو جەللادێکی عەرەب ئامادەبوون سازش بکەن، بەرهەمەکەی ئەوە بوو خۆیان مەحکوم کرد بەدواکەوتوویی‌و نەیانتوانی بەهێزی بزوێنەری ئاڵوگۆڕێك تەبریر بن، لەدنیایەکی خۆیانداو بەکێشەیەکی گەورە لەوڵاتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەزانم، کێشەیەکی دیکە بریتییە لەوەی بزووتنەوەی سیکۆلاریزم زۆر لاوازە لەدنیادا، دنیای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست رووی دیموکراسی بەخۆوە نابینێ، ئەگەر نەبێتە کۆمەڵگایەکی سیکۆلار، کۆمەڵگایەکی عیلمانی، کەتێیدا بەتەواوی دینو دەوڵەت لەیەك جیاوازبن، بەو مانایەی دین لەدەوڵەت لەدادوەریو قانون دانانو لەخوێندنو پەروەردە جیاوازە، هەر کام لەئایینو مەزهەبەکان دەبێتە هەڵبژاردنی خسوسیو تایبەتی هەر تاکە کەسێك، لەو کۆمەڵگایەدا، تاوەختێك ئەمە بەرهەم نەیەت پێم وانییە، ئەم کۆمەڵگایانە بتوانن بەرەو مۆدێرنێتییەکی راستەقینە بڕۆن، من ئەوە بەکز دەزانم.

**ئارام: بێگومان ئەو دواکەوتوویی‌و رەگەزپەرستییەی عەرەب، باکگراوندی کۆمەڵە قەیرانگەلێکی ترە، کەبەدرێژایی چەندین ساڵ نەیانتوانیوە خۆیانی لێ رزگارکەن، بەڕای تۆ بۆ ناتوانن گۆڕانکاری لەهەموو ئاستەکاندا بکەن؟**

**عەبدوڵڵای موهتەدی:** جا ئەوە لەزۆر رووەوە خۆی دەنوێنێ، یەکێك لەو شتانە ئەوەیە، لەدنیای عەرەبدا ژن زۆر زۆر بێ مافە زۆر پێشێلکراوە، کەم کەس هەن ئەوانەی دەنگ هەڵبڕن بەدژی ئەوە، کێ رووناکبیرە کێ خۆی بەپێشکەوتنخواز دەزانێ، ئەگەر لەگەڵ کۆنەپەرستی نەبێ هیچ نەبێ سازشکارە، بۆیە من دەڵێم حەقە بزووتنەوەکە سێکۆلار بێت. بزووتنەوەی بەرەو کۆمەڵگایەکی عیلمانی بۆ یەکسانی مافی ژن بۆ ئازادی سیاسی تەواو، بۆ حکومەتی هەڵبژێردراو، بۆ حکومەتی قابیلی گۆڕانو لابردن، لەڕێگەی سندوقەکانی دەنگدانەوە، ئازادییەکی تەواو بۆ دوان لەهەموو شتێك ئازادی فیکری بێ سنوورو بێ مەرج، ئەمانەی لەسەرەوە ئاماژەم پێدا لەدنیای عەرەب دانین، هەموو شتێکیان بووە بەوە کەدژی ئیسرائیلو ئەمریکا کار بکەن، وەها مێشکیان لەژێر کاریگەری ئەو ناکۆکی عەرەبو ئیسرائیل، فەلەستین ئیسرائیل دایە، لەم حاڵەتەدا بۆ گۆڕانکاری بێتو کڕ بمێنێتەوە هەروەکو ساڵان باجی زۆر زیاتری تیا دەدەن.

**ئارام: باست لەو گۆڕانکاریانە کرد، بێتو هەر کۆمەڵگایەك لەناوخۆی خۆیدا ئەنجامی نەدا باجی زۆری تیادەداو هەنگاو بەهەنگاو دەچێتە دواوە، پێت وایە دەسەڵاتی کوردی، لەم بەشەی باشووورداو لەم دوانزە ساڵەدا، ئەم ئاڵوگۆڕانەی لەناوخۆی خۆیدا ئەنجام دابێ؟**

**عەبدوڵڵای موهتەدی:** ئەزموونی ئەم دوانزە ساڵەی دەسەڵاتی کوردی بەهەموو کەموکورییەکییەوە بەپۆزەتیڤ دەزانم، بەڵام کەموکووڕیشی زۆر تێدایە، یەکێ: لەو شتانە ئەوەیە بەبڕوای من حزبە کوردستانییەکانو زۆرێك لەرووناکبیرەکانیش کاتی خۆی لێبڕاوانە ئاڵای جیایی دینو دەوڵەتیان هەڵنەگرت، ئیمتیازیاندا سازشیان کرد بەرامبەر بەحەرەکە ئیسلامییەکان، بۆیە ئاوا گەورە بوونەوە.بەڵام کەموکورییەکە لەوەدا دەبینم زۆرجار حزبە عیلمانییەکان لەمەیدانی ئەواندا کایەیان دەکرد، بەبەهاکانی ئەوان هەوڵیان دەدا پاشەکشێیان پێ بکەن، ئەمە لەڕووی نەزەریو سیاسییەوە، حزبە کوردستانییەکان بەگەورەو بچوکەوە، لەڕووی فیکریو رووناکبیرییەوە، دەبوایە مەسەلەی عیلمانییەتو مەسەلەی دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگای کوردستان، مەسەلەی ئاڵوگۆڕی ناوخۆیی جێگایەکی گەورەتری بوایە.

من وا دەزانم فرسەتێکی چاك بۆ کوردستانو ئەم بەشە هەڵکەوتووە، ئەم فرسەتە بەتەنیا لەوەدا نابینم بڵێم پێگەی کورد لەکۆمەڵگای نێونەتەوەییدا باشتر بووە، هەڵبەت باشتر بووە ئەوە جێگای خۆشحاڵییە، ئەم هەلومەرجە دەبێت کەڵکی لێ وەربگیرێت بۆ ئەوەی زۆر شتی هەڵتەکێت، هەر حزبو لایەنێك هەر پێشکەوتنخوازێك نابێت بترسێت لەئاڵوگۆڕی ناوخۆیی لەکوردستاندا، هەلومەرج لەکوردستاندا بۆ ئەم ئاڵوگۆڕە ناوخۆییو کۆمەڵگایەکی مەدەنی عیلمانی پێشکەوتوو، من وا دەزانم هەلومەرج بۆ کوردستان رەخساوترە تا زۆرێك لەکۆمەڵگا عەرەبییەکان بۆ کەڵکی لێ وەرنەگرین؟ فەرهەنگو رۆشنبیریو مێژووی کوردستانو هەموو شتێکی بەبڕوای من هێندە نەگونجاو نییە لەگەڵ ئەو ئاڵوگۆڕە، بەبێ ترس دەبێ بیکەین.

**ئارام: بۆ خۆمان بەراورد بکەین، بەوڵاتێکی دواکەوتووی شێخ نشینی عەرەب ، وای دەبینم ئەو بەراوردکردنە ئەوەندەی بچوکمان دەکاتەوە گەورەمان ناکات، بۆ خۆمان بەراورد نەکەین بەوڵاتێکی پێشکەوتووی ئەوروپی بەدڵنیاییەوە خەونی گەورەتریشمان دەبێت؟**

**عەبدوڵڵای موهتەدی:** من هەر رێك وابیر دەکەمەوە، منیش مەبەستم ئەوەبوو ئێمە بۆ خۆمان ببەستینەوە بەحسابی ئەوەی کەلە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەژینو، یەکێك لەو کۆمەڵگایانەو نەتەوانەین لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەژین، بۆ ئەم حسابە ببەستینەوە بەدواکەوتوویی‌و کۆنەپەرستیو تایەفەگەریو هەموو ئەو دیاردە دزێوانەی لەکۆمەڵگای ئەم ناوچەیەدا بوونیان هەیە، لەو بڕوایەدام سەر مەشقی خۆمان با لە کۆمەڵگایەکی پێشکەوتووی ئەوروپاییدا بدۆزینەوە، بەرەو ئەوێ بڕۆین، مەرج نییە خۆ بەرۆژێكو دوورۆژ پێی بگەین، ئەوە بنەمای ئابووری مومارەسەی دیموکراسی دەوێ، منیش سەدی سەد لەگەڵتام، راستییەکەی پێموایە خۆمان نەبەستینەوە بەمەی کەدیارە لەباری ژیۆپۆلەتیکەوە لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست داینو، هیچ ئینکاری لێ ناکرێت، مێژووی هاوبەشمان هەیە نزیکایەتی زمانو ئایینو فەرهەنگو رۆشنبیری هەیە، قسەی منیش لەپرسیارەکەی پێشوودا رێك ئەوەبوو کەکورد لەوانەیە زۆر باشتر دەرفەتی ئەوەی بۆ هەڵکەوتووە، بۆی ئاسانترە کەلەو بازنەی دواکەوتوویی‌و کۆنەپەرستییە بێتە دەرەوە، بابیکاو خۆی بەهیچ دەوڵەتێکی دواکەوتووەوە نەبەستێتەوە.

**ئارام: دوای ئەوەی جیهانگیری باڵا دەستی خۆی لەبەردەم جیهاندا نیشان داو، زۆر وڵاتیش خۆیانیان تیا بەدەستەوەدا، لێرەوە گۆڕینی دەسەڵاتو ئاڵوگۆڕی سیاسی زۆر ناوچەی لەجیهاندا بەگشتیو خۆرهەڵاتی ناوەڕاستو ئەوروپای رۆژهەڵاتدا بەتایبەتی گرتەوە، وەکو کۆسۆڤۆو یوگسلافیاو ئەفغانستانو عیراقو.. تاد، پێت وایە کاریگەرییەکانی ئەم گلۆبالەو خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییەی زانکۆکانی ئێران، لەژێر ئەو فشارە جیهانییەدا سەری دەرهێنا بێ، ئەگەر وایە دەروازەیەك نابێت بۆ گۆڕینی دەسەڵات لەئێران، ئەگەرواش نییە چۆن؟**

**عەبدوڵڵای موهتەدی:** خۆ پیشاندانەکانی ئەم دواییە ئێران بێگومان کاریگەری جیهانگیرییان بەسەرەوە هەیە، بۆ نموونە کەمجار بووە لەمێژووی ئێراندا بزووتنەوەیەك وەها دەنگ بداتەوە، هەر رۆژێك خوێندکارانی ئێران حەرەکەتێکیان دەکرد، یان دروشمێکی تازەیان دەبوو یان راگەیاندنێکی تازەیان دەبوو، میدیای جیهانی وەریدەگرتو بڵاوی دەکردەوە، ئەوە کاریگەرییەکی زۆری بوو لەسەر لایەنگرانی بزووتنەوەی خوێندکاریو بزووتنەوەی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی، بۆیە من دەتوانم بەو حسابە ناوی بەرم کەناوەرۆکی دروشمەکان ناوەڕۆکی ئەو مەفهومانەی کە لەناو بزووتنەوەی خوێندکاریدا هاتبوونەگۆڕێ، یان مانایان پێدەبەخشی، بۆ ئەو بزووتنەوەی خوێندکارییە، ئەوانەش زۆر لەژێر کاریگەری رەوتە فیکرییە جیهانییەکاندان، بێگومان ئەو ویستە فراوانو بەرینەی کەئێستا لەکۆمەڵگای ئێرانو بەتایبەت لەنێو توێژی خوێندکارو خوێندەواردا هەیە، خواستی دیموکراتیزەکردنو، خواستی جیایی دینو دەوڵەت، ئازادییە سیاسییەکانە، ئەو جۆرە شتانە لەلایەکەوە لەژێر کاریگەری وەزعی جیهانیو ئاڵوگۆڕە جیهانییەکاندا هەیە، تەنها ئەوەندە نییە، بزووتنەوەی خوێندکارانی ئێران ناکرێت تەنها لەرێگەی کاریگەرییەکانی گلۆبالیزمو جیهانگیرییەوە تەوزیح بدرێ، ئەو بزووتنەوەیە هۆکاری ناوخۆیی هەیە، دەگەڕێتەوە بۆ مێژووی ئەم بیستو پێنج ساڵەی حکومەتی کۆماری ئیسلامی ئێران، بەتەنیا بزووتنەوەی خوێندکاری دەسەڵاتی سیاسی لەئێراندا ناگۆڕێت، ئەوە لەتوانای بزووتنەوەیەکی دیاریکراوو سنوورداری وەکو بزووتنەوەی خوێندکاری نییە کەهەموو دەسەڵاتی سیاسی ئێران بگۆڕێت، ئەوە بزووتنەوەی زۆر گەورەی جەماوەری دەوێو رێکخستنی گەورەی دەوێ هەلومەرجی خۆی دەوێ، بەڵام بزووتنەوەی خوێندکاری دووسێ کاریگەری هەبوو لەسەر کۆمەڵگەی ئێرانو لەسەر بزووتنەوەی سیاسی ئێرانی بەگشتیو لەخزمەت ئەو گۆڕانی دەسەڵاتدا.

یەکیان ئەوەیە، لەمێژە خەڵك لەگەڵ ویلایەتی فەقیە نین. دووەمیان، دروشمەکانی ئەوان لەچوارچێوەی ئیسلاحخوازانی دەوڵەتی ترازا، تەنانەت روویان کردە ئەوە داوایان کرد لەخاتەمی بۆ وازهێنانو دەست لەکارکێشانەوە بەو حسابەی کەدەیانگوت مانەوەی خاتەمی لەحوکمدا رەنگبێ مەشروعییەتێك بۆ نیزامی سیاسی ئێران پێك بێنێت، دەیانگوت تۆ هیچت لەدەست نایەت بۆ ئاڵوگۆڕ بۆ لەوێ ماویتەوەو مەشروعییەتێك دەبەخشی.

**ئارام: رات وایە بزووتنەوە خوێندکارییەکان، ناتوانن ئاڵوگۆڕی سیاسی بە ئەنجام بگەیەنن، کەچی لەئەندەنوزیا هەر بزووتنەوەی خوێندکاریو زانکۆکان بوون، ئاڵوگۆڕی سیاسییان تیادا بەئەنجام گەیاند، ئەمە چۆن لێك دەدەیتەوە؟**

**عەبدوڵڵای موهتەدی:** ئەوە بەزۆر شتیترەوە بەستراوەتەوە، مەبەستم ئەوەیە ئەگەر تەنیا هاوسەنگی هێزەکان تەماشا کەیت دیارە تەنیا بزووتنەوەیەکی خوێندکاری زەحمەتە، ئەگەر نەڵێم لەباری تیۆرییەوە مومکین نییە، بەڵام زۆر زۆر زەحمەتە کەبەتەنیا بگۆڕێ، لەئەندۆنیزیش بزووتنەوەی خوێندکاری دەورێکی زۆر گەورەی بینی، بەڵام لەجێیەك بەو لاوە توانی خەڵك بێنێتە ناو مەیدانەوە، بزووتنەوەی خوێندکاری ئەم جارەی ئێرانیش تارادەیەك خەڵکی هێنا، بەڵام نەك بەفراوانی، خەڵك پشتیوانیان لێکرد، بەڵام وەکو خوێندکارەکان چۆن بەتوندوتیژی هاتنە مەیدان خەڵك ئاوا نەبوون، هێشتا چاوەڕوانییان دەکرد بزانن چی لێدێ، شتێك کەدەبێت لەبەرچاو بگیرێت ئەوەیە دەبێت بزانیت ئەو رژێمە سیاسییە، کەخوێندکاران لەدژی هاتوونەتە مەیدان، لەبەکارهێنانی توندوتیژیدا تاکوێ دەچێت، ئەگەر بەرادەیەك زیاتر سەرجەمی مێژووی ئەو وڵاتە، فەرهەنگی سیاسی ئەو وڵاتە، بەجۆرێك بێت کەحکومەت ئەو ئیجازەیە بەخۆی نەدا هەموو سنوورێك بەزێنێت قەتڵو عام بکات لەوڵاتەکە، دیارە رەنگبێ بزووتنەوەی خوێندکاریش مەودای زۆرتری بێو خەڵکی زۆرتر لەدەوری کۆبێتەوە، زۆرتر ببێتە هۆکاری گۆڕان، بەڵام ئەگەر لەحکومەتێکدا فەرهەنگی سیاسی ئەو حکومەتە لەهیچ شتێك خۆی نەپارێزێ‌و کوشتاری زۆری خەڵك رێك بخەن، لەم حاڵەدا بزووتنەوەی خوێندکاری بەتەنیا دەتوانێت دەستەچیلەی گۆڕان بێت.



عەبدوڵڵای موهتەدی